لە خولی سعودیە ئەهلی لە ریازی بردەوە

لە هەفتەی 12ی خولی سعودیە ئەهلی لە یاریگای خۆیدا میوانداری ریازی کرد.

لە تایمی یەکەمدا ئەهلی هەر لەگەڵ دەستپێکی یارییەکەدا و لە خولەکی دوو لەڵەی یاریزان فیراس بورەیکان گۆڵی یەکەمی تۆمارکرد، پاش ئەهلی بە تەواوی کۆنترۆڵی یارییەکەی کرد و چەندین هەرشی بردە سەر گۆڵی ریاز تا لە خولەکی 26 لەڵەی گابریەل ڤۆگاو گۆڵی دووەمی تۆمارکرد و تایمی یەکەمیش بەم ئەنجامە و بە دوو گۆڵی بەبەرامبەر لە بەرژەوەندی ئەهلی کۆتای پێهات.

لە تایمی دووەمدا و پاش تێپەڕبوونی چەند خولەکێک و لە خولەکی 52 ریاز مەحرەز گۆڵی سێیەمی ئەهلی تۆمارکرد، پاش ئەم گۆڵە یانەی ریازی میوان چەندن هەوڵی گەیاندا و چەند جارێک نزیک بوون لە گۆڵ تۆمارکردن بەڵام تەواوی هەوڵەکانیان بەسوود بوو و سەرەنجام یارییەکە بە سێ گۆڵی بەبەرامبەر لە بەرژەوەندی ئەهلی کۆتای پێهات.

بەم ئەنجامەش ئەهلی بە کۆکردنەوەی 25 خاڵ لە پلەی چوارەمی ریزبەندی جێگیر بوو، ریازیش بە 11 خاڵ

لہ پلہی 14 یہ دہت.